وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم چەند هەڵەکی دامەزراندنی ڕاگەیاند

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەڵی دامەزراندن بە شێوەی گرێبەست لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کشتوکاڵ، سەرچاوەکانی ئاو، ڤێتێرنەری و داراستان و پاوانی ڕاپەڕین ڕادەگەیەنێت.

ئەمڕۆ پێنجشەممە (14ـی کانوونی یەکەمی 2023) وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانی ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بۆدا، هەڵی دامەزراندن بە شێوەی گرێبەست لە (بەڕێوەبەراتی گشتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاوی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری ڕاپەڕین و بەڕێوەبەرایەتی داراستان و پاوانی ڕاپەڕین) ڕادەگەیەنێت، هەروەها دانیشتووانی ناوچەکە دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە فۆرمی دامەزراندن پڕبکەنەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆشدارۆ، هاووڵاتیان دەتوانن بە پڕکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم فۆرمە بە ڕاستی و دروستی هەڵی دامەزراند بە شێوەی گرێبەست لە بەڕێوەبەرایەتییە ئاماژەپێکراوەکان بدەستبەهێنن، بەڵام لە ئێگەری تۆمارکردنی زانیاری هەڵە لە فۆرمەکە هەڵی دامەزراندنەکە ڕەتدەکرێتەوە، هاوکات لینکی ناو تۆمار کردن تاوەکو کاتژمێر 22ـی یەکشەممە 17/12/2023 کراوە دەبێت.

تێبینی:

1. ئەم فەرمانە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە کە پسپۆری و ئاستی بەوانەکانیان لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە.

2. مەرجە ئەو کەسەی فەرمانکە پەیکاتووە دانیشتووی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی راپەڕین بێت (قەزای رانیە، قەزای پشدەر، و سەرجەم ناحیەکانیان)

3. سەرجەم زانیاریەکان دەبێت بە زمانی کوردی تەمار بکرێت.

4. پاش وردبینی کردن بە فەرمانکان، دەرکەوت بە هەڵە هەر بڕگەیەکی فەرمانکە پێکرابێتەوە فەرمانکە پوچڵ دەکرێتەوە.

5. هاووڵاتیان دەتوانن تەنیا یەك جار هەوڵی پێکردنەوەی فەرمانکە بدەن، لە ئێگەری دووبارە پێکردنەوەی فەرمانکەدا، فەرمانکەت پوچڵ دەکرێتەوە.

6. مەرجە ئەو کەسەی فەرمانکە پەیکاتووە خاوەن ڕێگەزنامەی عێراقی بێت.

7. ئەو کەسەی فەرمانکە پەیکاتووە بە چ بەوانامەیەك پێشکێشی بکات دەبێت ساڵی دەرچوونی ئەو بەوانامەیە بنووسێت.

8. بە هەر خەزانەك یەك کەس دەتوانێت سوودمەند بێت لە دامەزراندن.

9. خوازیار دامەزراو نەبێت و هیچ موچڕێکی دامودەزگا حکومەییەکانی نەبێت

10. ئەو کەسەی فەرمانکە پەیکاتووە نابێت قوتابی بێت.

پسپۆریە داواکراوەکان بریتین لە:

- پزیشکی ڤێتەرنەری/ بەکالۆریس (5) ساڵی : 14 کەس
- تەکنیکی کارەبا/ دبلۆم : 1 کەس
- جیۆگرافی/ ماستەر : 1 کەس
- زانستی جیۆلۆجی/ بەکالۆریس : 1 کەس
- ڕووپێوی/ دبلۆم : 5 کەس
- ژمێریاری/ بەکالۆریس : 10 کەس
- ژمێریاری/ دبلۆم : 4 کەس
- کارگێڕی/ دبلۆم : 2 کەس
- کارگێڕی/ بەکالۆریس : 6 کەس
- کشتوکاڵ - باخداری/ بەکالۆریس : 4 کەس
- کشتوکاڵ - بەروبوومی کێڵگێیی : 2 کەس
- کشتوکاڵ - پاراستنی ڕووەک : 2 کەس
- کشتوکاڵ - پیشەسازی خۆراك : 1 کەس
- کشتوکاڵ - خاك و ئاو : 1 کەس

- کشتوکاڵ - دارستان : 2 کەس

- کشتوکاڵ - سامانی ئاژەڵ : 1 کەس

- کۆمپیوتەر/ دبلۆم : 6 کەس

- یاریدەدەری پزیشکی ڤێتێرنەری/ دبلۆم: 7 کەس

- یاسا/ بەکالۆریۆس : 8 کەس

- ئامادەیی پیشەیی/ ئامادەیی : 1 کەس

- ئامار/ بەکالۆریۆس : 1 کەس

- ئامار/ دبلۆم : 2 کەس

- ئەندازیاری IT/ بەکالۆریۆس : 2 کەس

- ئەندازیاری تەلارسازی/ بەکالۆریۆس : 1 کەس

- ئەندازیاری ڕووپەوان/ بەکالۆریۆس: 3 کەس

- ئەندازیاری سەرچاوەکانی ئاو/ ماستەر : 2 کەس

- ئەندازیاری سەرچاوەکانی ئاو/ بەکالۆریۆس : 2 کەس

- ئەندازیاری شارستانی/ بەکالۆریۆس : 1 کەس

- ئەندازیاری کارەبا/ بەکالۆریۆس : 1 کەس

- ئەندازیاری میکانیک/ بەکالۆریۆس: 2 کەس

پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بریتین لەمانەی خوارەوە:

- نمرەی دەرچوون

- ئەزموون

- ساڵی دەرچوون

- زانینی زمانی تر

- لێهاتوویی لە پسپۆرییەکەت

- کەس و کاری شەهید (پلە یەک)

- شوێنی نیشتەجێبوون

- کاری خێبەخشی لە یەکێک لە بەرەوبەرایەتییەکانی سەرەوە

- شارەزایی لە بەرنامەکانی کۆمپیوتەر تایبەت بە پسپۆرییەکە

- باری خێزانی (خێزاندار یان سەت)

لینکی فۆرمی دامەزراندن